# شانۆی کوردی لە هەندەران
# «تیپی شانۆی ئارارات.. ئەزموون و میتود و ئیستێتیکا»


**د. فازڵ جاف**
**(سوید)**


**شانۆنامەی دوو پێغەمبەر**
**وەرچەرخانێک لە ڕەوتی هونەریی تیپی شانۆی ئارارات**

نمایشی دوو پێغەمبەر لە چەند ڕوویەکەوە وەرچەرخانێک لە ڕەوتی هونەریی تیپی شانۆی ئارارات پێک دێنێت، یەکەمیان ئەوەیە کە من وەک ڕێژیسۆری تیپەکە، پاش نمایشی ڕووتبوونەوە لە ساڵی ١٩٨٩، بە مەبەستی خوێندن بۆ ڕووسیا سەفەرم کرد، خوێندنەکەم ماوەی چوار ساڵی خایاند، لەم چوار ساڵەدا تیپی ئارارات بێ ڕێژیسۆر مایەوە، بۆیە بە تەواوەتی لەو چوار ساڵەدا لە کار وەستابوو و هیچ بەرهەمێکی شانۆیی نەبوو، ئەم وەستانە بۆ ماوەی چوار ساڵ بۆ ئارارات باش نەبوو، بەڵام ئەگەر لە ڕوویەکی دیکەوە تەماشای بکەین، دەکرێت بڵێین سوودی خۆیشی هەبوو، بۆ لایەنە خراپەکە ئەوەبوو کە ماوەی چوار ساڵ وەستان بەبێ هیچ چالاکییەکی کردەیی، بەدەر لە چەند چالاکییەکی ئەدەبی وەک چاپکردنی کتێب و گۆڤار، بۆ تیپێکی شانۆیی، ماوەیەکی دوورودرێژە و زیانی خۆی هەیە، یەکێک لە زیانەکانی ئەوەیە بەشێک لە بینەرانی لێ دەتەکێنەوە، یان هەر نەبێت بینەران باوەڕ و متمانەیان بە تیپەکە لاواز دەبێت، ئەمە جگە لەوەی کە ئەندامانی تیپەکە تووشی پەرتەوازەیی و سستی و دابڕان دەبن، ئەمەیش کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر بەهرە و توانایییان دەبێ، بەتایبەتی ئەگەر ئەندامان (ئەکتەران)ی ئەو تیپە ئارەزوومەند، نەک پیشەمەند بن، هەر وایش کەوتەوە.

ئەم دابڕانە جۆرە پەرتەوازەییەکی لە ناو ئەندامانی تیپەکە دروست کرد، هۆکاری سەرەکی ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە من تاکە ڕێژیسۆری تیپەکە بووم، ڕێژیسۆرێکی دیکەمان نەبوو، کە لە ماوەی ئەو چوار

ساڵەدا بەردەوامی بە چالاکی تیپەکە بدات، ئەمەش دۆخێک بوو، کە بە درێژایی تەمەنی تیپی ئارارات بە باشم نەدەزانی، بۆیە بەردەوام هەوڵم دەدا جگە لە خۆم بەلانی کەمەوە ڕێژیسۆرێکی دیکە پەیدا بکەم، بۆ ئەوەی ستیل و شێوازێکی دیکەش لە تیپدا هەبێت، بەڵام کە ڕوومان لە هەر کەسێک دەنا، داوامان لە هەر شانۆکارێک دەکرد، ئەوانەی بە قسە خۆیان بە دەرهێنەر دەزانی، کەس ئەو ئەرکەی- ئەرکی ڕێژیسۆری- نەدەگرتە ئەستۆ.

چەند شانۆکارێک گەیشتبوونە سوێد، هەبوون باسی دەرهێنانی شانۆییان دەکرد، خۆیان بە دەرهێنەر لە قەڵەم دەدا، بەڵام بە کردەیی نەیاندەسەلماند، ئێستایشی لەگەڵدا بێت نەیانسەلماند کە ڕێژیسۆرە. بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەم دەتوانم ناوی چەندان شانۆکار بێنم، لەوانەی کە دەرچووی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و ئەکادیمیای بەغدا بوون، ئەوانەی کە پەیتا پەیتا لە کۆتایی هەشتاکان، بەتایبەتیش لە سەرەتای نەوەتەکاندا گەیشتبوونە سوێد، بەشبەحاڵی خۆم بە شێوەیەکی شەخسی داوام لێ دەکردن، کە ببنە ئەندامی تیپ و ئەرکی دەرهێنانی نمایشی شانۆیی بگرنە ئەستۆ، ئەوەشم بۆ دووپات دەکردنەوە: کە تیپی ئارارات دەرگای کراوەیە بۆ هەموو شانۆکارێکی خاوەن توانست، تیپەکە تا ئەندازەیەکی باش دەتوانێت پێداویستی کاری شانۆییتان بۆ بڕەخسێنێت، بە مەرجێک خۆتان بتانەوێت کار بکەن، بەڵام هیچ کەس لەو شانۆکارانە، نەیتوانی، یان نەیانویست، یان نەیانوێرا ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆ، مەبەستم ئەوەیە کە وەک ڕێژیسۆر چالاک بن، بۆیە ئەوەندەی من ئاگادار بم، هیچ یەک لەوانە، ئێستایشی لەگەڵدا بێت، نەبوون بە ڕێژیسۆر، هەرچەندە لە سی ڤییەکانیاندا لە خانەی پیشەدا ناوونیشانی پیشەکەیان بە ڕێژیسۆر ناو دەنێن، بەڵام ئەوەندەی من ئاگادارم کەسیان نەیانسەلماند کە ڕێژیسۆرن، بگرە زۆرینەیشیان دەستیان لە پیشەکەیان هەڵگرتووە.

چوار ساڵی خوێندم لە ڕووسیا، ڕووسیای ڕێبەرانی وەک ستانیسلاڤسکی و مییرهولد و ڤاختانگۆڤ، ڕووسیای گۆگۆل و ئۆستروڤسکی و چیخۆڤ، بۆ خودی خۆم ئەزموونێکی گەورە و دەوڵەمەند بوو، بەڵام بۆ تیپی ئارارات لەو چوار ساڵەدا باش نەبوو، ئەزموونی




شانۆییم لە ڕووسیادا دیدگای منی وەک ڕێژیسۆر لە بنەوە گۆڕی و تا ئەندازەیەکی زۆریش دەکرێت بڵێم دەوڵەمەندتری کرد. باسکردنی کاریگەریەتی خوێندنم لە ئەکادیمیای شانۆ و ئەزموونی بەرکەوتنم لەگەڵ شانۆکانی پیتەربۆرگ لێرەدا جێگەی نابێتەوە، ئەم باسە پێویستی بە پانتاییەکی بەرین و سەربەخۆیە، هیوادارم ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانم ئەو ئەزموونەم قووڵتر باس بکەم، بەڵام ئەوەی مەبەستمە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە پاش گەڕانەوەم لە ڕووسیا، هەستم دەکرد لە جاران باشتر تواناییم بەسەر ئامراز و کەرەستەکانی هونەری دەرهێنانی شانۆییدا دەشکێت، هەستم دەکرد ئەزموونی شانۆییم لە ڕووسیا کە تەنیا خوێندنە ئەکادیمییەکەم نەبوو، بگرە خوێندن و بەرکەوتن لەگەڵ نمایش و شانۆکارانی ڕووسیا و ئاشنابوونم بە ژیانی کولتووری ئەو شارە پڕ کولتووره بوو، دیدگامی وەک ڕێژیسۆر فراوانتر و قووڵتر کردبوو، متمانەیەکی پترم بەخۆ لەلا دروست بووبوو، متمانەی کەسێک کە شوناسی ڕێژیسۆری لە سەرچاوە ڕەسەنەکەی ستانیسلاڤسکی و مییرهولدەوە وەرگرتبێت.

بۆیە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە تەماشای ئەو چوار ساڵەی دابڕانم بکەم، ئەگەر دووربینتر تێی بنوارم، دەتوانم بڵێم بۆ تیپی شانۆی ئاراراتیش باش بوو، نەک خراپ،

چونکە منیش وەک جاران، وەک ئەوەی لە گێڕەن و ڕووتبوونەوەدا کارم دەکرد، چیدی ئەو ڕێژیسۆرە نەبووم.
بە درێژایی ئەو چوار ساڵەی خوێندنم لە ڕووسیا بیرم لەوە دەکردەوە، پاش گەڕانەوەم بۆ ستۆکهۆڵم، چ شانۆنامەیەک بۆ بەرنامەی تیپ هەڵبژێرم؟ چ شانۆنامەیەک دەکرێت دیدگا و توانایی پاش خوێندنەکەم باشتر بەرجەستە بکات؟ چ شانۆنامەیەک باشتر ڕێگە خۆش دەکات بۆ گوزارەی جەستەیی و دەربڕین بە جەستە و ڕیتم، ئەمە لە ڕووی هونەرییەوە، لە ڕووی فیکریشەوە، بەخۆم دەگوت ئەو شانۆنامەیەی کە هەڵی دەبژێرم دەبێت ئاوێنەی سەردەم و کۆمەڵ بێت، بێ گومان لە سەرووی هەموو ئەمانەوە لە ڕووی دراماتۆرگییەوە، دەبێت تێکستێکی تۆکمە و دامازراو و داهێنانی ئەدەبی بەرز بێت.
پاش خوێندنەوەی چەندان شانۆنامەی جیهانی، بەو زمانانەی کە دەیانزانم، پاش تاووتوکردنی چەندان تێکست، لە کولتووری شانۆیی جیاجیا، ئاشنای تێکستی شانۆیی (دوو پێغەمبەر)ی مرۆژێک بووم کە بە باوەڕی خۆم ئەو شانۆنامەیە هەموو ئەو مەرجانەی تێدا بوو کە ئاماژەم پێ کردن، هاوکات بۆ تیپی ئارارات و ئەو سەردەمەش باش دەگونجا، پەیامێکی سیاسی و فیکری ڕوون و فراوانیشی دەگەیاند.
١٩٩٤ کە لە ڕووسیا گەڕامەوە بۆ ستۆکهۆڵم، تیپی ئارارات لە بارودۆخێکی گونجاودا نەبوو، چ لە ڕووی کەمی ژمارەی ئەندامان و چ لە ڕووی ئابوورییەوە، تیپەکە ئەوەندە بەهێز نەبوو، زۆربەی ئەندامە سەرەکییەکانی، ئەوانەی کە دەستی باڵایان لە دامەزراندنیدا هەبوو لە سوێد نەمابوون، یان دوور کەوتبوونەوە، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ دەست بەکار بین و بەرهەمێکی نوێ نمایش بکەین، پێویستمان بە ئەندام نوێ هەبوو، بە کورتی بارودۆخی تیپەکە وەک ئەوە وا بوو سەرلەنوێ دروستی بکەینەوە، وا پێویست بوو داوا لە کەسانی دیکە بکەین کە بێنە ناو تیپەکەوە، باشترین کەناڵ بۆ ئەوەی دەنگی خۆمان بە کوردی سوێد بگەیەنین و هانی شانۆکاران و هەواداانی شانۆ و ئارەزوومەندانی بدەین، ڕادیۆ کوردییەکانی ستۆکهۆڵم بوو، لەو ساڵانەدا چەند وێستگەیەکی ڕادیۆ هەفتانە بۆ ماوەیەکی کورت بە کوردی بەرنامەیان پەخش دەکرد، لەوانە ڕادیۆی پەنجەرە و ڕادیۆی هەنگاو، ئەوەبوو لە ڕێگەی ئەو ڕادیۆیانەوە، بەتایبەتی لە ڕێگەی ڕادیۆی پەنجەرەوە داوامان کرد لەوانەی کە شانۆکارن بێن و ببن بە ئەندامی تیپیەکەمان، ئەوەمان دووپات کردەوە کە تیپی شانۆی ئارارات سەر لە نوێ دەست بەکار دەبێت، پاش ماوەیەکی کورت، ژمارەیەکی باش پێوەندییان پێوە کردین.
ژمارەی ئەوانەی کە لە کۆبوونەوەی یەکەمدا ئامادەبوون کەم نەبوو، نزیکەی بیست کەس ئامادەبوون، ئەمەش بۆ ئەو کاتە زۆر باش بوو، ژمارەی شانۆکاران لە ناوەڕاستی نەوەتەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کە بەشی شانۆیان لە پەیمانگەکانی هونەرە جوانەکان تەواو کردبوو تا دەهات زۆرتر دەبوو، ئەم دۆخە نوێیە لەگەڵ ساڵانی هەشتاکاندا کە ژمارەی شانۆکارانی کوردی تێدا بە دەگمەن دەژمێردرا، دانسقە بوو.
لە ناو ئەو گرووپەدا چەند کەسێکمان وەک ئەکتەر بۆ ڕۆڵەکانی شانۆنامەی دوو پێغەمبەر هەڵبژارد، لەوانە عادل عەبدوڵڵا، مەریوان کەمال، بێستوون دڕەیی، ناسری سینا، خەلیل بێکەس، دانا ڕەئووف، کاروان عەبدوڵڵا و نەوزاد باراوی.
ئەگەر سەرنجی ژمارەی بەشداران بدەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نمایشی دوو پێغەمبەر تا ئەو کاتە گەورەترین نمایشی تیپی شانۆی ئارارات بوو، گەورەترین بەو مانایەی کە بە بەراورد لەگەڵ نمایشەکانی جارانی تیپ (گێڕەن چوار کەس/ ڕووتبوونەوە دوو کەس) زۆرترین ژمارەی ئەکتەر بەشداری تێدا کرد. بۆ یەکەم جار دوو کەس کە دەرچووی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بوون، بێستوون دڕەیی و دانا ڕەئووف بەشدارییان لە تیپ کرد، هەروەها زۆرترین ژمارە لە بواری بەڕێوەبردن و کاری تەکنیک بەشدارییان تێدا کرد، بۆ یەکەم جار کەسێک، سەعید زەنگنە وەک یاریدەدەری دەرهێنەر، تەیب باراوی وەک بەڕێوەبەری شانۆ، لە بەرهەمەکەدا هاوکاربوون.
ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بدەم، ئەوەیە کە نمایشی دوو پێغەمبەر لە ڕووی دارایی و تێچووەوە تا ئەو کاتە، بەرزترین بودجەی بۆ تەرخان کرا، دیارە پاش نمایشەکانی گێڕەن و ڕووتبوونەوە و گەلاوێژ و گورگ، بەشی کولتووری ستۆکهۆڵم و هەندێ دەزگای کۆمەکی




TEATER ARARAT

Teater Ararat grundades 1986 av Fadil Jaf, kurd från Irak. Fadil är utbildad regissör och har även översatt delar av Strindbergs verk till arabiska. Teater Ararat vänder sig främst till vuxna, men har även arbetat med uppsättningar för barn. Teater Ararat saknar fast scen och regelbundet stöd. Spelar endast på kurdiska. Turnerar i Sverige. Senast aktuell med en uppsättning av Slawomir Mrozeks "Profeterna" (bilden ovan).

کولتووری دیکە، دەستیان لەگەڵ تیپی (ئارارات)دا کراوەتر بوو و باشتر کۆمەکی تیپیان دەکرد، ئەمەیش لە خۆڕا نەهاتبووە دی، ئەوەی بەلای سوێدییەکانەوە گرنگ بوو، یەکەم کوالیتی نمایشەکان بوو، ئەوجا ئامادەیی بینەران، کە ژمارەیەکی باش لە کوردانی سوێد بۆ بینینی نمایشەکانی ئارارات دەهاتن، بۆیە دەستەبەرکردنی کۆمەکی دارایی لە جاران ئاسانتر بوو، ئەوەبوو توانیمان بودجەیەکی باش بۆ شانۆگەری دوو پێغەمبەر دابین بکەین، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین کە بەشی هەرە گەورەی بودجەکە بۆ کرێی هۆڵی شانۆکە ڕۆیشت!

**باشە بۆچی گرەومان لەسەر شانۆیەکی ئەوەندە گرانبەها کرد؟**

هەر لە سەرەتاوە زۆرمان مەبەست بوو شانۆگەرییەکە لەسەر شانۆیەکدا نمایش بکەین ناوبانگ و پێگەی باشی هەبێت، بۆ ئێمە گرنگ بوو شانۆیەکە لە ناو سەنتەری شاری ستۆکهوڵمدا بێت، ستەیجی شانۆی ڕاستەقینە بێت و بەرهەمی شانۆیی بەپێزی لەسەر نمایش کرابێت، نەک هۆڵ و فەزایەک بێت بۆ ئاهەنگ و کۆنفرانس و بۆنەکان دروست کرابێ. دوو پێغەمبەر لەسەر شانۆی ئاورورا (Aurora)دا کە دەکەوێتە ناو جەرگەی ستۆکهۆڵم، نمایش کرا، ئەم شانۆیە تیپی شانۆی ئاورورا بەڕێوەی دەبرد، کە لە حەفتاکان و هەشتاکان و نەوەتەکاندا، یەکێک بوو لە تیپە گرنگەکانی ستۆکهۆڵم، تیپێک کە شێواز و ڕێچکەی هونەری خۆی هەبوو، ڕێژیسۆری تیپەکە خاتو هیلدا هێلڤیگ بوو، کە پاشتر لە شانۆی شاهانەی ستۆکهۆڵم کاری کرد، تیپی شانۆی ئاورورا ستەیجی شانۆکەیان بە هەموو تیپێک نەدەدا، ئەو شانۆیە تەنیا بۆ تیپە پرۆفسیۆنالەکان بوو، پاش گفتوگۆیەکی دوورودرێژ ڕەزامەندییان پیشاندا کە لەوێ نمایشی بکەین.

بۆ ئەو کات گرنگ بوو بۆ ئێمە وەک تیپی شانۆیی کوردی لەسەر شانۆی ئاوروورادا شانۆییەکەمان نمایش بکەین، هەرچەندە ئەمە لە ڕووی داراییەوە ئاسان نەبوو، بەڵام بۆ کەسایەتی و پێگەی تیپەکەمان گرنگ بوو، ئەمەیش لەو ڕێپۆرتاژە هونەرییەدا ڕەنگی دایەوە کە گۆڤاری ئێنتری (Entre) دەربارەی تیپە شانۆییە غەیرە سوێدییەکانی ئەو سەردەمە نووسیبووی، شانۆی غەیرە سوێدی، لە هەشتاکانی ستۆکهۆڵمدا تا ڕادەیەکی باش گەشەی کردبوو، چەند تیپێکی غەیرە سوێدی لە سوێد لە چالاکی و گەشەدا بوون، گۆڤاری ئێنتری بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و تاووتوێکردنی ئەم تیپانە و چالاکییەکانیان ڕێپۆرتاژێکی ئامادە کرد، پاشتر باشترین سێ شانۆیان دەستنیشان کرد، شانۆی کوردی کە تیپی شانۆی ئارارات پرۆفیلی بوو، شانۆی جوولەکە، شانۆی ئیسپانی، خۆشبەختانە تیپی شانۆی ئارارات یەکەم تیپ بوو لە ڕیزبەندییەکەدا، ئەم ڕێپۆرتاژە کە لە گرنگترین گۆڤاری شانۆیی ئەو سەردەمەدا بڵاوکرایەوە، بۆ پێگەی ئارارات گرنگ بوو، بەتایبەتی بۆ مسۆگەرکردنی کۆمەکی داراییمان.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە ڕێپۆرتاژەکە ئاماژەیەکی زەقی بەوە دابوو کە ئارارات تەنیا یەک ڕێژیسۆری هەیە، ئەگەر ئەو ڕێژیسۆرە نەبێت، تیپەکە بەرهەمی نابێت، ئەم سەرنجە هەر لە ناوونیشانی ڕێپۆرتاژەکەوە دەردەکەوت، ناوونیشانەکە بەم جۆرە بوو (ئەگەر فازڵ جاف نەبێت، ئارارات نابێت)

ڕۆژانێکی زۆرمان (١٢ ڕۆژ)مان بۆ پرۆڤەکردن و کاری تەکنیک لەسەر شانۆی ئاورورا دا تەرخان کرد، لە بەرانبەردا تەنیا حەوت ڕۆژمان بۆ نمایش تەرخان کرد،

ئەمەش هاوکێشەیەکی گەلێک دەگمەنە، دیاربوو بەم کارە دەمانویست تا بۆمان دەکرێت ئاستی نمایشەکە باش بێت، ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کورتیش نمایش بکرێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە جۆری نمایشەکە (کوالێتی) باش بێت، کوالێتییەک کە لەگەڵ ناوبانگی شانۆی ئاوروورادا بگونجێت، جارێکی تر ڕێگامان پێ بدرێت لەسەر ستەیجێکی لەو ئاستەدا نمایش بکەین، هەر بۆیە پێمان باش بوو تا دەکرێت زۆرتر کار لەسەر ستەیج بکەین، تەنیا هەفتەیەکیش بۆ نمایش تەرخان بکەین.

لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی وەستانی تیپی شانۆی ئارارات، هەوادارانی تیپەکە و کەسانێکی زۆر کە بینەری بەرهەمەکانی تیپ بوون، پرسیاری ئەوەیان دەکرد کە بۆچی تیپ بەرهەمی نییە، دیاربوو داوایان دەکرد کە بەردەوام بین، ئەمە بۆ ئێمە وەک ئەندامانی تیپەکە مایەی دڵخۆشی بوو، ئەم بەتەنگەوە هاتنی کوردانی سوێد، نەک تەنیا لە ستۆکهۆڵم، بگرە لە شارەکانی دیکەشدا، ئەو شارانەی کە نمایشەکانمان تێدا پیشان دابوون، بۆ ئێمە گەواهی گرنگیی بوونمان بوو وەک تیپ، ئەوەی دەسەلماند کە بۆ ئەو خەڵکە پێویستین، کە تیپی شانۆی ئارارات بۆ ئەوان گرنگە، جا بۆ ئەوەی بە بەڵگەوە بیسەلمێنم کە خەڵک، مەبەستم لە کوردانی وڵاتی سوێدە، بەتەنگ تیپەکەوە دەهاتن، کە تیپەکە وەک دیاردەیەکی هونەری لەلای ئەوان خۆی سەلماندبوو، ئەوەبوو بۆ یەکەم جار، سەرەڕای دژایەتیکردنی حزبیانەی لایەنێک بۆ ئارارات، ژمارەیەکی باش لە شانۆکاران و ئارەزوومەندانی شانۆ و هونەر و هەوادارانی ئەدەب، لە ڕێگەی ڕادیۆوە خۆیان ناونووس کرد و هاتن بۆ تاقیکردنەوە. ئەم هەنگاوە بۆ ئارارات نوێ بوو و هەنگاوێکی گرنگ بوو، گەواهی ئەوەبوو کە تیپەکە پێگەی خۆی لە ناو خەڵکدا هەبوو، کە تیپەکە لە هەندەران دیاردەیەکی ڕۆشنبیری گرنگ بوو، لە سەرووی ئەمەشەوە، تیپەکە بەرانبەر بە دژایەتی حزبییانەی لایەنێک و هەڕەشە و گوڕەشەیان بە کوشتن و توندوتیژی کۆڵی نەدا، دواجار هەر هونەر، هەر شانۆ سەرکەوت.

ئەمە ئەو باوەڕەی لەلا بەهێزتر کردین کە نابێت چیدی بوەستین و دەبێت تا زووە بەرهەمێکی نوێ ئامادە بکەین، چونکە ئەمە نەک بەتەنیا ئارەزووی خۆمانە وەک شانۆکار، بگرە ئارەزوو و داخوازی خەڵکیشە.

بەڵام کام بەرهەم؟ کام بابەت؟ کام شانۆنامە؟

پێشتر بینەرانمان بە شانۆنامەکانی مرۆژێک ئاشنا کردبوون، کە بڕیارمان دا کار لەسەر شانۆنامەی دوو پێغەمبەری مرۆژێک بکەین، پێشبینی ئەوەمان دەکرد لەلایەن خەڵکەوە باش پێشوازی لێ بکرێت، چونکە پێشتر لە گێژەن و ڕووتبوونەوەدا ئاشنایەتییان لەگەڵ بیر و هزر و جیهانی مرۆژێکدا پەیدا کردبوو، پرسیار و خولیا و تێڕامان و خەمەکانی ئەم نووسەرە لەوانەی ئەوانەوە نزیک بوون، هەرچی بابەت و پرسیارەکانی شانۆنامەی دوو پێغەمبەر و پەیامە سەرەکییەکەی تێکستەکەیە لەگەڵ خولیا و خەمی تاکی کورد، بەتایبەتی سەبارەت بە بارودۆخی نەوەتەکان گەلێ گونجاو و لەبار بوون، بۆیە بە گوڕوتین و جۆشوخرۆشەوە خۆمان بۆ کارکردن ئامادە کرد.